تەرمی بیست کۆچبەری نایاسایی لە کەنارەکانی وڵاتی تونس دەزرایەوە

دەسەڵاتدارانی وڵاتی تونس لە باکووری ئەفریقا ئەوارێی ڕۆژی چوارشەممە 18ـی کانوونی یەکەمی 2024 تەرمی بیست کۆچبەری نایاسایی لە کەنارەکانی پارێزگای سفاقس لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە و ڕزگارکردنی پێنج کۆچبەری دیکەیان ڕاگەیاند.

بەڕێوبەرایەتی گشتی پاسەوانی نیشتمانی وڵاتی تونس لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کە یەکەکانی هێزی دەریایی ناوچەی پاسەوانی دەریایی لە ناوچەی وەسەت تەرمی 20 کۆچبەری نایاسایان دەزیوێنەوە و هێزەکانی پاسەوانی کەناراوەکانیش توانیویانە 5 کەسی دیکەش ڕزگار بکەن پاش ئەوەی بەڵەمەکەیان لە دووری 13 میل دەریایی لە کەناراوەکانی ناوچەی لوزا لە پارێزگای سفاقس نقوم بوو.

بەڕێوبەرایەتی دەریایی ئاماژەی بە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانی گەڕان و پشکنین کرد لەلایەن یەکەکانی دەریایی بە دەزیوێنەوەی بەسەروشوێنەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ووداوەکەدا، هەروەها جێختی لە پابەندبوونی خۆی کردەوە بە بەردەوامبوون لە کارکردن بە پاراستنی سنوورە دەریاییەکان و پاراستنی گیانی خەڵکی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.